www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:26 29-3-2006

کورتە چیرۆک

## کاتێک کە خۆڵمان دەخوارد ... عبداللە ئەحمد بیبانی



هەر کە لە جادە گشتییەکە لاماندا ئاسەواری کەلاوەکان لە دوورەوە بوو بە بەشێك لەو دیمەنە تۆزو خۆڵاویەی وەرزی هاوینی دێیەکەمان لە ناو تەراویلکەی گەرمای هاویندا شەپۆلی هارمونی ناڕیکی دەدا، پڕ بە سییەکانم ئەو هەوایەم هەڵمژی کە حەقدە ساڵ بوو دەموویست هەڵی مژم، بەلام ئاخ هەرگیز ئەو هەوایە نییە، ئەو هەوا پڕ لە سۆزوخۆشەوویستییەی کە لە رۆژێکی بەهاری پڕ لە کارەسات و تراژیدیادا بە جێمان هێشت، ئەوسا ئۆتومبیلەکان یەك یەك بۆ دواجار بەرەو جادەی شارڕۆیشتن و نەگەڕانەوە، مرۆڤەکانیش لەم دونیای فراوانی خوایەدا لە ڕۆژێکی ڕەشەبادا بوون بە ئاردی ناو درك، تاکو ئێستاش کەس نەیتوانیوە کۆیان بکاتەوە. جارێکی تر پڕ بە سییەکانم هەناسەم هەڵکێشایەوە، ئۆتومبیلەکە لەو ڕێگا خۆڵە پڕ تاسەیەدا کەوتە لەنجەو گیانی منیش لە جەستەم هەوڵی هەڵفڕینی دەداو پێش خۆم دەکەوت تاکو بۆ جارێکی تر ئاوێزانی ئەو خاك و خۆڵە ببێتەوە، لە ناخمدا لاوکێکی پڕ لە حەسرەت و سۆز و تاسەی بۆ خۆشەویستییەکی بەدی نەهاتوو دەووت.

گردەکەی شێخ لە خۆرئاوایەوە بە هەزاران ساڵە وەکو کیسەڵێك لە شوێنی خۆیدا چەقیوە گۆرەکانی قەد پاڵەکەی هێمای رۆژگارێکی دوورو درێژی پڕ هەوڵ و کۆشش و خۆڕاگری خەڵکەکەی بوو، کێلەکانی گۆڕی باپیرم هەر وا بەو بڵندیەی ماوەتەوە، نازانم بۆچی کێلەکانی ئەویان هێند بڵند دانابوو، مامم لە سەرە مەرگدا ووتی کاتی خۆی باوکت ئەو بەردانەی لە کانە بەردەکانی ڕەحیاوە هێنا بوو. بە لای ئەو کوخانەدا تێپەڕ بووین کە عەربەکان لە نزیك جادەکە دورستیان کردبوو، هەر بە ناو خانوو بوون چونکە دیاربوو باش زانیبوویان کە ئەوە خاکی خۆیان نییە و داگیریان کردووە و هەر دەبێت ڕۆژێك بە جیی بهێڵن و بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان.

جارێکی تر لە تافی منداڵیمدا دێیەکەمانیان سووتاند، جاریکی تریش ماڵەکانمانیان بە تالان برد، ئێمەش لە یادگار یێکی دووری تەم و مژاویدا بە ئۆتۆمبیلەکەی هادی عارەب چووین بۆ وویستگەی شەمەندەفەرە هەڵمینەکە و لەوێوە بە شەمەندەفەر چووین بۆ (شارۆچکەی کفری) لە پەنای خزمێك و لە دۆخی باوکێکی بەندکراوو گوندێکی سووتاو ماڵێکی تالانکراو و خێزانێکی ڕەش ورووت و ئاوارە و بی نازدا فێری شتێکی زۆر گرنگ بووین فێری خۆڵ خواردن بووین. هەموومان خۆڵمان دەخوارد، بەلام هەرگیز ئەو خۆڵە تاسەی برسییەتی ئێمەی نەدەشکاند، بۆیە لە شەوەزەنگی تاریکی و سەختی یادگارەکانماندا بە حەسرەتەوە هانامان بۆ منداڵە هاوریکانمان دەبرد ' بەلام هاوارە کپ کراوەکانمان بی وەلام دەمانەوە بۆیە ئێمەش زیاتر و زیاتر خۆڵمان دەخوارد بەلام دیسان خۆڵەکە ئێمەی تێر ناکرد.

جاری دووەم کە گوندەکەی ئێمەیان سووتاند وویستیان یادگارییەکانمان بسوتینن، کوێخایان گوللە باران کرد، خەڵکەکەیان توقاند، مزگەوتەکانیان بە سەر قورئاندا رووخاند، مەرەو ماڵەکانیان بە تالان برد، بۆیە لە و رۆژەوە عارەب لە دێیەکەی ئێمەدا بووە بە هێمای تالان، یادگارییەکانی ئێمەش لە دوو توێی لاپەڕەکانی مێشکماندا بوو بە لاپەرە

پیرۆزەکانی ئاڤێستا و بۆ هەتا هەتا لە لە ناوچوون رزگاری بوو، جارێکی تریش دەستمان کردەوە بە خۆڵ خواردن، خۆڵی گەڕەکەکانی ڕەحیماوە و تەپە و ئیمام قاسم و شوڕیجەمان خوارد. تێر خۆڵمان خوارد.
جاری سێیەم پێش حەڤدە ساڵ بوو دێیەکەی ئێمەیان خاپوور کرد، خاپوور کردنێك لە گەڵ زەویدا تەختیان کرد، فریشتەکانی خوایان لە هەموو ئەو دەڤەرە تاراند و دەڤەرەکەیان چۆڵ کرد، هەرزەکارەکانیان تیر باران کرد، کە هەواڵیانمان پرسی ووتیان لە شەوەزەنگی تاریکدا لە دەستمان هەلاتوون، پاشان تەرمە بە بیژەنگ کراوەکانیان لە ژێر دەمە خۆڵی شۆڤەڵەکانەوە دەرچوو، ئەوەتا ئێستا گۆڕەکانیان هەموو ساڵێك گوڵی زەردو سوور ی لە سەر دەڕوی و لە بەهارێکی زوودا بە تەمەن کورتی سیس دەبنەوەو هەڵدەوەرێن و دەبنەوە بە خاك تاکو بۆ نەورۆزێکی تر و جارێکی تر سەر هەڵبدەنەوە، هەر وەکو خۆمان هەرچەند ئاوارە کرابین خۆڵمان خواردووە و پاشان هەروەکو ئەم ساتانە وەکو گوڵی سەر گۆڕەکان گەڕاوەتینەوە.
هەرچەند بە سەر جادە گشتییەکەدا تێپەڕ دەبووم یادگارییەکانم چاومیان پڕ لە حەسرەت و تاسە دەکرد، تاسەی ڕۆژگاری عیشق و خۆشەوویستی خونچە لە ناخمدا وەکو دەوەنێکی خۆڕسك دەڕوا، پاشان گەشەی دەکردو دەبوو بە دار بە دارێکی سەوزی پڕ لە بەر، بەری ماچ، بە هەزاران ماچی دەگرت، ماچی زەردو سوور، درشت و وورد، بە هەزاران خەندەی دەگرت، بزەخەنە و نەرمە پێکەنین، پێکەنینی میهرو خۆشەوویستی قاقای پێکەنین و دەست گوشین، دەست گوشین و دەست لە ملانی، بەلام ڕەشەبایەکی پڕ لە حەسرەت و گەلای وەریو پڕ لە ماچی وەریو پڕ لە خەندەی زەرد هەڵگەڕاو ئەو یادگارییانەی کۆتایی پی دەهێنا.
نێوان ئێمەو ئاوایی تەنها بەستەکە بوو، پاش حەڤدە ساڵ بەستەکە لە بەر چاوم زۆر هاتبووەوە یەك لێوارەکانی لە غوربەتی بی ئێمەیدا خۆیان گرمۆڵە کردبووەوە سەر یەك و دەیانوویست باوەش بە یەکدا بکەن و پشت لەو مرۆڤە نامۆیانە بکەن کە جێگەی ئێمەیان گرتبووەوە.. ئەمە ئەو شوێنەیە کە هەرزەکارەکانیان تیا گوللە باران کرد، ئاوی بارانی زستانی حەڤدە ساڵ نەیانتوانیوە ئاسەوەاری دەمە شۆڤەڵکان بسڕنەوە، هەر وەك چۆن حەڤدە ساڵ لە غوربەت و ئاوارەیی ئێمە نەیتوانیوە ئەو یادگارو بیرەوەرییە تاڵ وشیرینانە ی ئێمە بسڕێتەوە. دەمە شۆڤەڵەکان ئاسەواری دڕندەیی زەمانێکی پڕ لە وەحشەت و ستەمیان تۆمار کردبوو، شوێنی گوللە باران کردنی هەرزەکارەکانی لە ناخی ئێمەشدا هەڵ کۆڵیبوو.
لە و ساتەی کە بەرەو ئاوایی دەچووین زەمەن و جێگا لای من پوکابوونەوە تەنها یادگارییەکانم تانو پۆی منیان دیاری دەکرد من و کات دوو هێڵی لێك دابڕاوی تەکو لۆ بووین، بۆیە هەست نەکردنم بە ڕێگاکە شتێکی ئاسایی بوو، لە ناکاو ئۆتۆمبیلەکە لە شوێنی خۆی وەستا، ڕێك ئەوە ناوەندی ئاوایی بوو، کە دەرگاکانمان کردەوە وویستم بۆ یەکەمجار پاش حەڤدە ساڵ پێم بخەمە سەر زەوی هەر وەکو ئارمسترۆنگ کە بۆ یەکەمجار بە ئاسپایی پیی خشتە سەر مانگ، منیش ژێر پیی خۆمم لە سەر زەوییەکە تاقی کردەوە، ئەمە ئەو شوێنەیە کە حەڤدە ساڵە لە دوورەوە ئاخی حەسرەتی هەناسەی ساردمان بۆی هەڵدەکێشا، ئێستا ئەوەتا ڕێك لە سەری ڕاوەستاوم، هەموو هزر و بیرم پڕبوو لە هەستی جۆراوجۆر، هەستەکانم وەکو پۆلی چۆلەکەی بزێو، وەکو تۆپەڵێك لە ڕەنگی شەبەنگی پەلکە زێڕینە دەورژان و ڕەنگەکان تێکەڵ وپێکەڵ دەبوون، لە ناو ئەو هەستانەدا، کێڵگە زەردەکانی گەنم لە چواردەورەی ئاوایی لە ژێر کاریگەری بادا لەنجەیەکی ناسکیان دەکرد، ئەو دیمەنە هی سەردەمانێکی زۆر دوور بوو دوورتر لە و حەڤدە ساڵەی کە ئێمە لە

ئاوایی دوور بووین، ئاوارەو دەربەدەری شاران بووین، ئەو ئاوارەییيە كە برينيكى هەتاهەتايى لە ناخماندا دورست كرد و بووە مەشخەڵى عيشقێكى ئەبەدى بۆ گەڕانەوە بۆ ناخى خۆمان... بۆ ئاوايى.

هەنگاوە سست و شەڵەژاوو پڕ لە خۆشى و يادگارى تاڵ و شيرين و هەستى وورژاو بردميانە ناوەند كەلاوەى ئەو ژوورەى كە جيژووانى من و خونچە بوو، بى بيركردنەوە داچەمامەوە و لە ناوەندى ژوورەكە پڕ بە مستم خۆڵم ڕنى و كردم ناو لەپمەوە و يەكسەر دەستم كردن بە خواردنى، بەلام ئەمجارەيان خۆڵەكە لە هەموو جارەكانى تر جياواز بوو، لە هەموويان بەتامتر بوو چونكە تامى بەيەك گەيشتنى دوو عاشقى ئەبەدى دەدا.

هەولێر
2006